کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:28 27-11-2007

## ڕۆژنامەنووسی و هەڵوێستەیەک ... نەجات ڕوستی

najatrosty@yahoo. com



مەسەلەی خوێندنی بواری ڕۆژنامەنووسی وابەستەیە بە چەند فاکتەرێکی تایبەتی یەوە وەك شێوازی هەڵبژاردنی خوێندکاران و خوێندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیدار و دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، کە سەنگی مەحەکن بۆ هەڵسەنگاندنی هەر کاروچالاکی یەکی ڕۆژنامەنووسی لەبەرچاوترین گۆڕانکاریەتەکنەلۆجیەکانی کەلە (80-90) ەکانی سەدەی ڕابردوودا بینراوە، پێشکەوتن بووە لە پەیوەندییە تەکنەلۆجیەکاندا، ئەم گۆرانکاریانە لەلایەکەوە بوونەتە هۆی فراوان بوون و بڵاوبوونەوەی خێرای هەواڵ و زانیاریەکان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا وە لەهەمان کاتدا، ڕەچاوکردنی ڕاستی و دروستی هەواڵەکان ئەم گۆڕانکاریانە بەش بەحاڵی خۆیان ناوەڕۆکی بیرۆکە و پێناسەکانی هەواڵ و ئەو سەبکە نێگەتیفیانە کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و خوێندنی زانکۆکاندایە خستۆتە ژێر ڕکیفی خۆیەوە. لەحاڵی حازردا کۆلیژەکانی ڕۆژنامەنووسی لە کەمترین تەکنەلۆژیای نوێ پەیوەندی وگەیاندن بەرخوردادن، لە چاو ئەو تەکنەلۆجیایەی کە خوێندنی ڕۆژنامەنووسی بە شێوەیەکی کارکرد دەبێت بۆ خوێندکارانی دەستەبەر بکات و ئەمەش خوێندنی ڕۆژنامەنووسی ڕووبەڕووی کەم و کوڕی و گیروگرفت کردۆتەوە لە هەمانکاتدا بەشە تەکنەلۆجیەکان و بەشەکانی خوێندنی ڕۆژنامەنووسی دا دام ودەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە هاوکاری پێویستیان نیە. ئەمڕۆ دام ودەزگاکانی چاپەمەنی، لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ چالاککردن و بەپێزکردنی بڵاوکراوەکان و بابەتەکان سوودمەند دەبن و کۆمپیوتەر لە نووسین و نەخشەسازی بابەتەکاندا، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت و لەلایەن هەواڵنێرەکانەوە بەکارئەهێنرێت، پێویستی چاو پیاخشاندنەوە بە خوێندنی ڕۆژنامەنووسی و کردنەوەی خولی ئاشنایی پەیدا کردن بە کۆمپیوتەر و پیت چنی کە بە چەمکە سەرەکییەکانی ئەم بەشە هەژمار دەکرێت. پەیوەندی لاواز لە نێوان دام ودەزگاکانی چاپ و زانکۆکاندا، بەیەکێکی تر لە گیروگرفتەکانی دادەنرێت کەلەلایەکەوە زانکۆکان لە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و زانیاری یەکانی ڕۆژنامەنووسی دوور دەخاتەوە و لەلایەکی ترەوە کردنەوەی خولە ئەزموونیەکان لە دام ودەزگاکانی چاپدا ڕووبەڕووی گیروگرفت دەبێتەوە.

خاڵێکی سەرنج ڕاکێش لێرەدا بەرچاو دەکەوێت "بۆچی بەکار خستن و بەڕێوەبردنی دام و دەزگاکانی چاپ بەشێوەیەکی پسپۆڕی تەنها لەلایەن چەند کەسانێکەوە کە بە پەنجەی دەست دەژمێرێن بەڕێوە دەبرێن؟ "لەوانەیە ئەم پرسیارە ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە ناوەندەکانی فێرکردنی ڕۆژنامەنووسی نەیانتوانیوە بەرهەمەکانی خۆیان لە شوێنی گونجاو بەکاربهێنن. یەکێك لەمەسەلە گرنگەکانی تر ئەوەیە ئێستا لە زانکۆکاندا کەمتەرخەمی گۆڕینەوەی ئەزموونە فێرکاری و لێکۆلینەوەکان لە نێوان زانکۆکاندا لە ئاستی نەتەوەی و نێونەتەوەی دایە. ئەم بابەتە لە ئاستی نەتەوەی دا بە شێوەیەکی ئاشکرا لەبەشە فێرکاریەکاندا بەرچاو دەکەوێت کە شایانی پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەیە، وە لە ئاستی نێونەتەوەی دا پەیوەندیەکی کەمتر لە نێوان ناوەوە و دەرەوە دا دەردەکەوێت، ئەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ژمارەیەکی کەم لە (مامۆستایان) بە پشت بەستن بە ئیمکانیاتی شەخسی خۆیان هەڵدەستن بە ئاڵوگۆر کردنی ئەزموون و ووتنەوەی وانە لەزانکۆکانی جیهاندا وە ئەم مەوزووعە لە ڕووی زانستی یەوە کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنیەتی فێرکردن و سوود وەرگرتن لە ئەزموونە زانستیەکان لەزانکۆکاندا هەیە. لە گۆڕانکاریەکاریگەریەکانی تر سەبارەت بە گەشە و خوێندنی ڕۆژنامەنووسی کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

به شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خۆی دەنوێنێ دۆخی سیاسی – کۆمەڵایەتی- وولاتە هەر چەندە هەموو بوارەکانی گەشەکردن و فراوانکردن بە شێوەیەکی بەرچاو لە وولات دا دەبینرێت و دۆخ و کەشی گونجاو بۆ چالاکییە پیشەییەکانی ڕۆژنامەنووسان و گەشەو فێرکردنیان ئامادە دەکرێت، ئەمڕۆ پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووسانی پسپۆر لە جیهاندا و خستنە ڕووی بەهرە شاراوەکانیان پابەندە بە بارودۆخەکانەوە. لەبەرامبەردا هەرچی بوارە گشتیەکان بەرتەسك و لە ژێر چەپۆکی سانسۆردا بن دام و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە ناتوانن بەپێی پێویست گەشە بکەن کە ئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی یسستمی خوێندنی بوارەکە گەشە نەکات و لەهەل و مەرجی ڕۆژانە دا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کۆسپ و لەمپەر ببنەوە ئەم بوارە پیرۆزە نەتوانێت وەکو دەسەڵاتی چوارەم ڕۆڵی خۆی ببینێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.